ص:53-68 **المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# چەمكی باوەڕ لە تێگەیشتنی كیەكەگارد و (بەراوردێك لە نێوان ئەریستۆ و ئاگۆستین) دا

ڕیبوار حەمەئەمین حەسەن[1]، حەمید عەزیز سەعید[2]
[1,2]بەشی فەلسەفە، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، عێراق
Email: rebwar.hamaamin@su.edu.krd[1], dr.hameed.aziz@gmail.com[2]

**پوختە:**

كیەكەگارد (1813-1856)، ئەریستۆتالیس (384-322 پ.ز) و ئاگۆستین (354-450)، سێ كەسایەتی لە سێ سەردەمی جیاوا و لە سێ جوگرافیای جیاواز و لە سێ ژیاری جیاوازدا بیریان كردۆتەوە. هەر سێكیان لە دەوروبەری چەمكی باوەڕ گیرساونەتەوە و باسیی گرنگییەكەیان كردووە. ئەریستۆتالیس بڕوای بە ئەقڵ و زانست و ئەزموونگەری هەبووە و ئاگۆستین بۆچوونی وابووە لە ڕێگەی ئەقڵ و بیركردنەوەوە باوەڕ بەدەست دەهێنێت. كیەكەگارد ڕەخنەگرێكی سەرسەختی ئەقڵ و زانست و باوەڕدارێكی سەرسەختە بەبێ ئەوەی باوەڕداری ببەستێت بە ئەقڵانییەت و زانستەوە. بەمجۆرەش كیەكەگارد لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ ئاگۆستین كۆكە و لە چەند شتێكیشدا ناكۆك، بەڵام كیەكەگارد لەگەڵ ئەریستۆتالیسدا لە بابەتی بوونی خودا وەك سەرچاوەی بوون كۆك و لە مەسەلەی زانستدا بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ، ناكۆك و دژ بوو. ئەم توێژینەوەیە بە گرتنەبەری میتودێكی بەراووردكارییانەی ڕەخنەی فەلسەفیی، بە لەبەرچاوگرتنی چەمكی باوەڕ لە هزری ئەم سێ فەیلەسووفە و بە هەند گرتنی ئەم چەمكە لە دنیای ئێمەدا، لەو ناكۆكی و لیكچوونانەی نێوانیان دەكۆڵێتەوە. گرنگترین ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە كە جیاوازیی بەهایەكی بەرزی هەیە و پێویستە لە گفتوگۆ فەلسەفیی و هزرییەكاندا ئەو جیاوازییە پارێزراو بێت.

**كلیلەوشە:** باوەڕ، ئەریستۆتالیس، ئاگۆستین، كیەكەگارد، زانست، بێبڕانەوە.

**الملخص:**

كان سورن كيركگارد (1813-1856) Kierkegaard فيلسوفا وعالم لاهوتي دنماركي. أرسطو (384-322 قبل الميلاد) فيلسوفا يونانيا كلاسيكيا، و أوغسطين (354-450) عالما لاهوتيا أمازيغيا ومفكر العصور الوسطى. ثلاث شخصيات فكرت في ثلاث أوقات مختلفة، في ثلاث مناطق جغرافية مختلفة، وثلاث حياة مختلفة. استقر الثلاثة حول مفهوم الإيمان وناقشوا أهميته. آمن أرسطو بالعقل والعلم والتجريبية، واعتقد أوغسطين أن المرء يكتسب الإيمان من خلال العقل والفكر. من ناحية أخرى، Kierkegaardهو ناقد قوي للعقل والعلم ومؤمن قوي دون ربط الإيمان بالعقلانية والعلم. وهكذا، اتفق كيكجارد مع أوغسطين في نواح عديدة واختلف معه في عدة أمور، لكنه اتفق مع أرسطو على وجود الله كمصدر للوجود واختلف معه فى مسألة دور العلم في فهم الإنسان. تبحث هذه الدراسة في التناقضات والتشابهات بين هؤلاء الفلاسفة الثلاثة من خلال تبني منهج مقارن للنقد الفلسفي. أهم استنتاج لهذه الدراسة هو أن الاختلاف له قيمة عالية ويجب الحفاظ عليه في المناقشات الفلسفية والفكرية.

**الكلمات المفتاحية:** إيمان، أرسطو، أوغسطين، كيركيغارد، العلم، الابدية.

**Abstract:**

Kierkegaard (1813-1856) was a Danish philosopher and theologian. Aristotle (384-322 BC) was a classical Greek philosopher, and Augustine (354-450) was an Amazigh theologian and medieval thinker. Three characters thought in three different times, in three different geographies, and in three different lives. All three have settled around the concept of faith and discussed its importance. Aristotle believed in reason, science, and empiricism, and Augustine believed that one acquires faith through reason and thought. Kierkegaard, on the other hand, is a strong critic of reason and science and a strong believer without linking faith to rationality and science. Thus, Kieckgaard agreed with Augustine in many ways and disagreed with him in several things, but he agreed with Aristotle on the existence of God as the source of existence and disagreed with science on the understanding of


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

man. This study examines the contradictions and similarities between these three philosophers by adopting a comparative method of philosophical criticism, taking into account the concept of faith in the minds of these three philosophers and taking this concept into account in our world. The most important conclusion of this study is that difference is of high value and should be preserved in philosophical and intellectual discussions.

**Keywords:** faith, Aristotle, Augustine, Kierkegaard, science, continuity

**پێشەکی**

ئەم توێژنەوەیە بە پلەی یەکەم لە سنووری چەمکی باوەڕ لە نێوان هەر سێ بیرمەند (ئەریستۆتالیس، ئاگۆستین و کیەکەگارد) دەسوورێتەوە و بە پلەی دووەمیش باس لە چەمکەکانی وەك زانست، جەوهەر و بێبڕانەوە و کات دەکات، کە ڕوونکردنەوەمان لەبارەی چۆنێتی بیرکردنەوەی ئەم سێ بیرمەندە پێدەبەخشن. لە ڕووی مێژووییشەوە، ئەریستۆتالیس یەکێکە لە سێ فەیلەسووفە کلاسیکییەکەی یۆنانی کۆن کە دوانەکەی دی بریتیبوون لە (سوکرات، پلاتۆ). ئاگۆستینیش، بیرمەندێکی سەدەکانی ناوینە و کیەکەگاردیش فەیلەسووف و خوداناسێکە لە ڕیزی "بیرمەندانی سەردەم"، پۆلین کراوە. هەر یەکێك لەم سێ کەسایەتییە بوونەتە مۆرکی سەدەی خۆیان و سەدەکانی پاشتر، ئەویش بە هۆی ئەو گرنگییەی لە مێژووی فەلسەفەدا هەیانە و چ کاریگەرییەکیان کردۆتە سەر ژیان و بیرکردنەوە.

شییکردنەوەی بیروڕای ئەم سێ فەیلەسووفە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی مێژووی فەلسەفەوە لە یۆنانی کۆندا، باوەڕ و زانست، یان باوەڕ و ڕاستەقینە، کات و بێبڕانەوە، بوون و نەبوون، وەك کێشەی فەلسەفی سەریانهەڵداوە و فەیلەسووفەکانی بە درێژایی ئەو مێژووە و هەتا ئێستاش بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. گرنگیی ئەم چەمکانە و ئاوڕدانەوەی فەیلەسووفەکانی لە وێستگەی جیاوازی مێژووی فەلسەفەدا و لە شوێنە جیاوازەکانی جیهانی دێریندا، مانای گرنگیی ئەم چەمکانە بۆ تێگەیشتن و ژیانی کردەیی مرۆڤیش دەخاتە ڕوو.

**سنووری توێژینەوە**

توێژینەوەکە جەخت لەبارەی جیاوازی و هاوبەشی سێ فەیلەسووفی ناسراو دەکاتەوە لە مەسەلەی باوەڕداری و ئەوەی کە ئەم باوەڕە بە چییە. هەرچەندە ئەم سێ فەیلەسووف و خوداناسانە لە کات و شوێنی جیاوازدا ژیاون و سەر بە ئایین و باوەڕی جیاوازیش بوون، کەچی خاڵی هاوبەشی گرنگ لە نێوانیاندا هەیە و ئەوەش بۆتە جێگەی سەرنجمان.

**گرنگیی توێژینەوە**

ناکۆکییەکانی نێوان فەیلەسووفەکان لە مێژووی هزریندا نەبۆتە هۆکاری وەستاندنی گفتوگۆ لە نێوانیاندا. ئەوان بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی یەکتر چوونەتە نێو گفتوگۆیەکی دوورودرێژەوە لەگەڵ یەکتر و لەوێشدا بەڵگە و یەکتری قەبووڵکردن ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە. چەمکە هزرییەکانیان بیرازکردوون، و خۆشەیان کردوون و ڕوونیان کردوونەتەوە، بەو جۆرەش ڕێگەیان بۆ بیرکردنەوەی دروست و بەدوور لە توندڕەوی و ڕەهاخوازی و ئایدیۆلۆژیاپەرستی خۆشکردووە. ئێمەی کورد و ڕۆژهەڵاتی لەم شێوازەوە زۆر شت فێر دەبین و ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریمان پێدەبەشخێت بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر پێش گومان و ڕەهاییخوازییەکی ئایدیۆلۆژی و هزری و ئایینی. بۆ یەکەمجاریشە توێژینەوەیەکی بەراووردکارییانەی ڕەخنەیی لە نێوان ئەم سێ بیرمەندەدا بە زمانی ئێمە ئەنجام بدرێت.

**کێشەی توێژینەوە**

لە نێوان ئەریستۆتاتالیس و ئاگۆستین تا دەگات بە سۆرین کیەکەگارد، زیاتر لە 1500 ساڵ مەودامان هەیە. لەو ماوە زۆرەدا هزری فەیلەسووفەکان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام بابەت و ناوەڕۆکی فەلسەفەکەیان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و گفتوگۆیان لەبارەی بوون، خودا و مرۆڤەوە هەر بەردەوام بووە. چۆنە ئەم سێ بیرمەندە لەو ماوە زۆرەدا هێشتا لەسەر چەند بۆچوون و چەمکێکی گرنگ گفتوگۆی قووڵیان ئەنجام داوە؟ بە تایبەتی چەمکی باوەڕ، کە گرنگییەکی تایبەتی لەم توێژینەوەدا هەیە. ئەمە جگە لەوەی هەوڵدەدەین تێگەیشتنێکی ورد لەبارەی هەر یەکێك لەم فەیلەسووف و بیرمەندانە سەبارەت بەو ناوەڕۆکانەی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لەسەریان ناکۆك و کۆك بوون، بە تایبەتیش چەمکی باوەڕداری، تا بتوانین وێنەیەکی ڕوون بۆ خوێنەری خۆمان لەوبارەیەوە بگوازینەوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گواستنەوەی مشتومڕ و گفتوگۆی نێوان فەیلەسووفەکان و بیروبۆچوونەکانیان بە زمانی کوردی، بە خوێندەوار و ئەکادیمییە کوردەکان ئاشنا بکەین. ئەوەش بخەینە ڕوو، کە فەلسەفە یارمەتیدەری تێگەیشتنی مرۆڤە لە بابەتەکان، نەك قورسکردن و تاریککردنیان.

**میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی ئەم توێژینەوەیدا بەراوردکاری و شیکارییە بە دیدێکی ڕەخنەگرانەی فەلسەفی. "میتۆدی بەراووردکارانە، هەڵبژاردن و شیکردنەوەی هەندێ خاڵ کە لە هەندێ لایەنەوە هاوشێوەی یەکترن و لە هەندێکی دیکەشدا پێکەوە جیاوازن"[1]. لە ئاستی بەکارهێنانی چەمکەکان و بیروڕای ئایینی و فەلسەفییدا بەراوورد دەکەین و سەرنجەکانی خۆشمان لە چێوەی پرسیاری ڕەخنەئامێز و شیکارییدا ئاراستە دەکەین. بۆ ئێمە کیەکەگارد سەنتەری کارەکەیە و لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەو دوو بیرمەندەی دیکە بەسەر دەکرێنەوە. دەستنیشانی ئەو خاڵە درەخشانانەش دەکەین، کە لەسەریان مکوڕ و کۆك بوون.

ناچینە سەر باسی ژیانی هیچ کامێك لەم فەیلەسووف و بیرمەندانە مەگەر ناچارییەك نەبێت. هەروەها ناوی هەر فەیلەسووفێك سەرەتا بە شێوەی گۆکردنی ئەو باو دەنووسین و پاشانیش لە نێوان دوو کەوانەدا بەو شێوەیە گۆکردنەکەی دەنووسین کە لە زمانەکەی خۆیدا باوە: ئەریستۆ/ئەریستۆتالیس، ئاگۆستین/ ئاگۆستینۆس، کیەکەگارد/ کیەکەگۆ.

لەبەکارهێنانی سەرچاوەکاندا، هەوڵێکی زۆرمان داوە سەرچاوەی دەستی یەکەم و نووسراوی ئەو سێ فەیلەسووفە بەکار بهێنین و لە کاتی پێویستیشدا بگەڕێینەوە سەر سەرچاوەکانی دەستی دووەم.

**باسی یەکەم: باوەڕ وەك پردێکی هزری**

کیەکەگارد لە سەدەی نۆزدەهەمدا کاتێك چاوی کردەوە، تێگەیشت کە زانستی پۆزەتیڤیزم بۆتە باوەڕێکی نوێ و کۆمەڵگە ئەورووپاییەکانی تەنیوەتەوە[2]. پۆزەتیڤیزم (Positivism) بە مانا گشتییەکەی لە زمانی فەرەنسی و ئەڵمانیدا بەو ئاراستەیە دەگوترێت کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەڵێن ماتەریالیزمی زانستی(scintific materialism)[3]، واتە کورتکردنەوەی هەموو دیاردەکان لە هەبووە فیزیکییەکاندا، کە بەهۆی تێبینیکردنی زانستیانەوە دەسەلمێنرێن. ئەم زانستە لە لایەن ئۆگۆست کۆنتەوە دامەزرێنرا، کە بڕوای وابوو پێویستە فەلسەفەش بچێتە ژێر ڕکێفییەوە[4]. پۆزەتیڤیزم پشتی بە تێبینیکردن، کۆکردنەوەی زانیاری و تاقیگە هەبوو بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینەی هەر شتێك لە ڕێگەی هەستەکانەوە نەك هیچ شتێکی دیکە[5].

کیەکەگارد بیری کردەوە کە ناکرێت هەموو شتێك بخرێتە ژێر تاقیگەی زانستییەوە، لەوانەش باوەڕی مرۆڤ. بۆیە باوەڕ بووە کێشەیەك لە نێوان کیەکەگارد و هەموو ئەو فەیلەسووفانەی سەلماندنی دەرەوی بواری زانستیان بۆ هەبوونی باوەڕ ڕەتدەکردەوە. کیەکەگارد لە دژی ئەم بۆچوونە چووە جەنگێکی هزرییەوە و بۆچوونی خۆی لەبارەوە خستە ڕوو. بەمجۆرەش لە مێژووی فەلسەفەدا بووە پردێك لە نێوان جەمسەرەکانیدا. کیەکەگارد هەر بە چوونە جەنگ لەگەڵ فەیلەسووفانی سەردەمی خۆیەوە، لەوانەش هیگڵ؛ نەوەستا و لە مێژووی فەلسەفەدا بۆ بۆچوونی هاوشێوە گەڕا و پردێکی ڕایەڵ کرد. بۆیە کاتێك لە پردەکە دەپەڕینەوە، وەك ئەوەیە گەشتێکمان بەناو سێ جۆر بیرکردنەوە، شارستانییەت و سەردەمدا کردبێت، یەکەم وێستگەشمان ئەریستۆتالیسە. ئەگەر سەرەتای ئەو پردەی لە نێوان ئەم سێ بیرمەندەدا هەیە، ئەریستۆتالیس بێت ئەوە کۆتاییەکەی ئاگۆستین و خودی پردەکەش کیەکەگاردە. بۆیە کیەکەگارد لە نێوان هەردووکیاندایە و ڕاگری پەیوەندییەکەیە. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە کیەکەگارد

[1] ئەحمەد محەمەدپوور: فەلسەفەی میتۆد. وەرگێرانی: سەعید کاکی، هەولێر: خانەی بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، 2013، ل: 193.
[2] Joakim Garff & Gutke: Min Kære Læser, Søren Kierkegaard i kort form. Aros Forlag, Danmark 2013. s: 9.
[3] Nikolaj Nottelmann: Om positivisme og objektivisme i samfunds-videnskaberne. DANSK SOCIOLOGI • Nr. 3/28. årg. 2017.
[4] استفن میشلمن: فرهنگ اگزیستانسیالیزم. ت: أرسطو میرایی، کتاب پارسه، 1398، ص. 74.
[5] Rune Slagstad: Positivisme. Hentet den 5. 6. 2023 fra: https://www.leksikon.org/art.php?n=2059

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پەیوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ هەردوو لەم فەیلەسووفەدا هەیە، کە هەریەکەیان سەر بە نەریتێکی بیرکردنەوە و سەردەمی جیاواز و لە شارستانییەتی جیاوازیشدا ژیاون.

کیەکەگارد لەسەر ئەوە سوور بوو، کە زۆر شت لەم جیهانەدا و لە ژیانی مرۆڤدا هەن، کە بە ئەقڵ و زانست ناتوانین لێیان تێبگەین. ئەقڵ و زانست هەردووکیان سنووردارن لە تێگەیشتندا و هەندێك دۆخ و بابەت هەن ناتوانرێت بە ئاگاییەکی سنووردارانەوە لێیان تێبگەین. کانت .(1804 - 1724) پێشتر ئەوەی یەکاڵاکردبۆوە، کە "ئێمە دەتوانین لە دیاردە (فینۆمین) تێبگەین و بیناسین، بەڵام ئەو دیاردەیە لە خۆیدا چییە (نۆمێن) هەرگیز خۆی بەدەست تێگەیشتنی ئێمەوە نادات"[6]

کیەکەگارد پێی وابوو باوەڕ یەکێکە لەو دۆخ و دیاردانە. کاتێك تەماشای ڕێوڕەسمە ئاینییەکان دەکەین، هەموویان شیاوی تێگەیشتنن، بەڵام کاتێك دەمانەوێت لە خودی باوەڕ تێبگەین، ناتوانین بە ئەقڵ، یان زانست تێیبگەین. باوەڕ بابەتێکی دەرەکیی نییە تا بتوانرێت ئەندازەی بگیرێت، یان قەبارە و کێشەکەی بپێورێت. باوەڕ شتێکە دەبێت هەر تاکەکەسێك ئەزموونی بکات و خۆی بۆ تەرخان بکات. کەواتە بۆ ناسینی باوەڕ هیچ پێوەرێکمان نییە جگە لە ئەزموونی تاکەکەس خۆی، لە کاتێکدا تێگەیشتن لەهەر شتێك و دیاردەیەك، ملکەچی ئەو پێوەرانەیە کە تێگەیشتنەکەیان لەسەرەوە بەرهەم دێت. ئەمە کاکڵەی ئەو ناکۆکییەیە کە ئەم سێ فەیلەسووفەی پێکەوە بەستوتەوە.

**باسی دووەم: ئەریستۆتالیس (384-322 پ.ز)**

ئێمە لە نیگای کیەکەگاردەوە بیروڕاکانی ئەریستۆتالیس بەسەر دەکەینەوە، کە لە میانەی ڕەخنەکانییەوە دەیانخاتە ڕوو. لە نیگای یەکەمدا وا دەردەکەوێت کیەکەگارد و ئەریستۆتالیس هیچ شتێك پێکیانەوە نابەستێتەوە. بە پێی سەرچاوەکان، بەلای ئەریستۆتالیسەوە، "هاوڕێیەتی نموونەیەکی بەردەم پێکەوەبوونی کۆمەڵگەیە. لێرەشەوە ئاکاری نزیکایەتی بووە ئاکارێکی نموونەیی بۆ هەموو پەیوەندییەکی مرۆڤانە و بووە سەرچاوەی بیرۆکەکانی لەبارەی ئاکاری کردەییەوە"[7]. بە درێژایی مێژوو جیهاندیدی ئەریستۆتالیس کاریگەریی لەسەر زۆر بواری زانستی داناوە و ڕوونکردنەوەی لەبارەی زۆر بابەتەوە بەخشیوە، وەك: ئەستێرەناسی، ئاکار، گەردووننامسی، میکانیك، کیمیا و مێژووی سرووشت[8]. بۆیە لە هەموو ئەم بوارانەدا ئەریستۆتالیس لەلایەن فەیلەسووفەکانی دوای خۆیەوە، جێگەی ئاوڕدانەوە بووە. کیەکەگاردیش هەر لەو ڕوانگەیەوە گرنگیی بەم فەیلەسووفە لە بواری بوون و خودا وباوەڕ و زانستدا داوە و هەڵوێستێکی ڕەخنەیی لە ئاست بەرهەم و تێڕوانینەکانیدا هەبووە.

وەك باسکرا، ئەریستۆتالیس داهێنەری زۆربەی چەمکە زانستییەکان و بە ستایشکەری زانستە سرووشتییەکانیش دادەنرێت. کیەکەگاردیش فەیلەسووفێکی دژی زانستە سرووشتییەکانە و لەو بڕوایەدایە زانستە سرووشتییەکان بە پێچەوانەی بانگەشەکانیانەوە، دەتوانن لە جیهان، بەڵام ناتوانن لە بوون تێبگەن: "کارە مەترسیدارەکە ئەوەیە کە لە سەردەمێکدا بژیت جیهان لە گۆڕاندایە. ڕەنگە نەوەیەک یان دوو نەوەی پێبچێت تا مرۆڤەکان لەوە تێبگەن خراپەکاریی ئێستا لە کوێدایە و دەبێت هێرشەکە پێچەوانە بێتەوە. بە هەمان شێوە زانستە سروشتییەکان باڵادەست بوون و خوداناسی (ئیلاهیات) لە مێژە لە تەختی پاشایەتی لابراوە."[9] بۆیە ڕەخنەگرتنی کیەکەگارد لە ئەرستۆتالیس لەسەر ئەم بابەتەیە و پێیوایە هەڵەکە لەوێوە ڕوویداوە کە ئەریستۆتالیس تێگەیشتنێکی ئاوەزمەندانەی لە دیاردەکان کردۆتە پێشمەرجی تێگەیشتن لە بوون. بەپێی سەرچاوەیەك، کیەکەگارد بە ئاشکرا دەرکی بەوە کردبوو "کارە فیزیکییەکانی ئەریستۆتالیس لەبارەی سرووشتەوە، یەکێك لە نائومێدکەرترین بەشەکانی مێژووی زانسته"[10]. وەلێ پێش ئەوەی ئەم بابەتە زیاتر ڕوونبکرێتەوە، پێویستە لەو هۆکارانە بدوێین، کە پاڵنەری کیەکەگارد بوون بۆ بیرکردنەوەیەکی لەمجۆرە لە زانست و پاشان بچینە سەر ڕەخنە و لێکچوونەکانی لەگەڵ ئەریستۆتالیس.

---

[6] Arne Næss: Filosofiens Historie: Fra oldtiden til Kant, 1, Hans Reitzels Forlag, København, 1991, s: 596.
[7] Klaus W. Thesbo: Værdien af et menneske. http://www.gudsfamilie.dk/foredrag/vaerdien/index.shtml.
[8] Julie Maria CallesenAnja: Hvor meget baserer vores videnskab sig på Aristoteles؟ , Hentet den 3. 6. 2023 fra https://ing.dk/artikel/hvor-meget-baserer-vores-videnskab-sig-paa-aristoteles.

[9] Kierkegaard, Søren Journalen NB15 : 1850

[10] تئودور گمپرتس: متفکران یونانی، جلد سوم، ت: محمد حسن لطفی، تهران: خوارزمی. چاپ اول 1375، ص: 1331.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کیەکەگارد کێشەی لەگەڵ سەردەمەکەی خۆی بوو، کە سەردەمێکی پڕ لە گۆڕانکاری بوو و ئەمەش کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەکانی دانا. ئەو لە سەردەمی دانمارکێکدا دەژیا، کە وەك زۆربەی هەرە زۆری جیهانی خۆرئاوا، لە گەشەیەکی خێرادا بوو. بەمانای واقیعییانەی وشەکە، گووشار لەسەر "مەنجەڵە بووخارییەکان" بوو. گوشاری هەڵمی (ئاماژەیە بە گۆڕینی وزە و هێزی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، بۆ نموونە کەشتی چارۆکەدار بەرەو کەشتی هەڵمی گۆڕا و خێرایی زیادی کرد). بەرهەمهێنان بەرەو پیشەسازی دەچوو، لە هاوینی 1847یشدا هێڵی ئاسنی نێوان کۆپنهاگن و شاری غۆسکیلە بەرین کرا[11]. شاری غۆسکیلە دەکەوێتە خۆرئاوای کۆپنهاگنی پایتەختەوە، کڵێسەی غۆسکیلە یەکیکە لە کڵێسە بەناوبانگەکانی دانمارك و لە ژێرزەمینەکەیدا گۆڕی زۆربەی پاشا ناودار و کەسایەتیە ئەفسانەییەکانی دانمارك هەیە. لە سەردەمی کیەکەگارددا ئەم کڵێسەیە بە توندیی گرێ درابوو بە دەسەڵاتی پاشایەتییەوە و کیەکەگارد پێی وابوو ئەوێ "ماڵی خودا نییە و ماڵی پاشایە و قەشەکانیش نوێنەری ئایین نیین و کارمەندی دەسەڵاتن"[12]، بۆیە هەر لەو کڵێسەیەوە چەند جارێك قەشەکان هێرشیان کردە سەر کیەکەگارد و بیروڕاکانی. یەکێك لەوانە برا گەورەکەی خۆیشی (پیتەر) بوو، کە بووە هۆی ئەوەی کاتێك کیەکەگارد لە نەخۆشخانە خەوێنرا، ڕێگەی نەدا ئەوبرایەی سەردانی بکات! [13] ئەمەش ئاشکرای دەکات، کە کیەکەگارد لەگەڵ بیروڕاکانی خۆی چەندە ڕاستگۆ بووە. هەر لەو سەردەمەدا، ئازادیی بڵاوکردنەوە و قسەکردن بەدەستهات، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی میدیاکانی پەیوەندی و ئەو مینبەرانەی، کە دەگەیشتنە زۆرینە و بەشداربوون لە سەرهەڵدانی سەرەتاکانی کولتووری پیشەسازی[14] .

لە هەمان کاتدا میتۆدناسی زانستە سرووشتییەکان برەوی سەند. زانستە سرووشتییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە زانستی ژیرانە تاکە ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە واقیع و ڕاستەقینە و نابێت هیچ تێگەیشتنێك لە جیهان و دیاردەکان هەبێت لە دەرەوەی تێگەیشتنی زانستییانەی سەلمێنراو[15]. ئەمەش وردە وردە جێگەی بە تێگەیشتنی ئایینی و مەعنەوی مرۆڤ چۆڵدەکرد، کە تێگەیشتنێکە لەسەر بنەمای باوەڕدارییەوە دروست دەبێت..

کاتێك باسی زانست و زانستباوەڕی دەکرێت، یەکسەر ئەریستۆتالیس وەك داهێنەری ئەم زانستە سرووشتیانە بیر دەکەوێتەوە. لە ڕاستیشدا سەرچاوەی زانستی مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ ئەریستۆتالیس[16]. کیەکەگارد ئەم پەیوەندییەی نێوان زانستە سرووشتییەکان و ئەریستۆتالیسی باش دەزانی بۆیە ڕەخنەکانی ئەو لەزانستە سرووشتییەکان ناڕاستەوخۆ دەبنە ڕەخنەش لە سەرچاوەکەیان کە ئەریستۆتالیسە. لە هەندێ کاتدا و لە نیگای یەکەمدا، کیەکەگارد وەك کەسێکی "کۆنپارێز" و "ڕەق" دەرکەوێ، بەڵام لە هەندێ دۆخی دیکەدا یاخیگەرانە و ئاژاوەگێڕانە و لە مەسیحییەکی سۆسیالیست دەچێت[17]. کیەکەگارد لە دژی زانست وەك ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانی دانایی و ڕاستیی نەبوو، بەڵکو لە دژی زانستی تاقیگەیی، یان زانستی پۆزەتیڤسیی بوو، کە دەیگوت ئەوەی بە تاقیگەکان و ئەزموونداتێپەڕ نەبێت زانست و ڕاستی نییە. بۆ کیەکەگارد بابەتەکانی بوون بابەتی ئەزموونی و تاقیگەیی نین و زانستباوەڕی ناتوانێت شتێکمان لەسەر بوون پێ بڵێت، بەڵام زانست ڕێگەیەکی باشە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان و فینۆمینەکان(*)، نەك نۆمینەکان:[18](**)

[11] Falk-Sørensen, Ebbe; Thestrup, Poul; Rasmussen, Kjell Ejgild; Løvborg, Eilert: *jernbane* i *Den Store Danske* på lex.dk. Hentet 3. juni 2023 fra https://denstoredanske.lex.dk/jernbane.

[12] Søren Kierkegaard: Øjeblik, nr. 10, 1859.

[13] ینس ستاوبغاند: بیماری و مەرگی فەیلەسووفێك، 2021، ل: 101.

[14] Joakim Garff & Gutke: Min Kære Læser, Søren Kierkegaard i kort form. Aros Forlag, Danmark 2013.

ئەو بەرهەمەی سەرەوە کراوەتە کوردی و بەم ناونیشانە ئامادەی چاپە:

- یواکیم گارف و پاوڵ گوتکە: فەیلەسووف بە کەڵکی چی دێت؟ 2021، ل: 64–75.

[15] Kragh, Helge: naturvidenskab i Den Store Danske på lex.dk. Hentet 19. maj 2023 fra https://denstoredanske.lex.dk/naturvidenskab

[16] Engberg-Pedersen, Troels: Aristoteles i Den Store Danske på lex.dk. Hentet 19. maj 2023 fra https://denstoredanske.lex.dk/Aristoteles.

[17] Marie Mikulovå Tostrup: Kierkegaard og naturvidenskaben, Hente 19. maj, 2023 fra file:///C:/Users/Rebwar/Downloads/admin,+Thulstrup_53-63%20(6).pdf.

[18] (*) و (**) فینۆمین و نۆمین بە کوردی واتە بوون و دیاردە. نۆمین (بوون لە خۆیدا) شتێکە لە دەرەوەی پەی بردنی هەستەکانە، لە کاتێکدا فینۆمین، یان دیاردە ئەو شت و ڕووداوەیە کە بە هەستەکان پەی پێ دەبرێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

"لەنێو هەموو زانستەکاندا زانستە سرووشتییەکان لە هەمووان وریاترن، بەلای منەوە دایکی هزرینێکن، کە پێماندەڵێت ئاخۆ چۆن ساڵ بە ساڵ ئەو شتەی سەرەتا جێگەی سەرسوورمان بوو، دەبێتە شتێکی گاڵتەجارانە. ئامێری بیستۆکی پزیشکان (سەماعە)، چ هەڵلایەك دەنێتەوە. لە ئێستاشدا وا خەریکە دەگاتە ئەوەی هەر سەرتاشێك بەکاری بهێنێت و پاشەوەی ڕیشت بۆ دەتاشێت، دەپرسێت: لەوانەیە بەڕێزتان حەز بکەن بیستۆکێکیشتان لێبدرێت. پاشان دەورانێك دێت گوێ لە لێدانی مێشکیشمان بگیرێت.. سەرتاشەکە دەپرسێت: ڕەنگە بەڕێزتان حەز بکەن گوێ لە مێشکیشتان بگرم."[19]

کیەکەگارد لێرەدا ئاماژەی بە ئامێری بیستوك (سەماعە)، کردووە، کە بە هۆیەوە گوێ لە دڵی نەخۆش دەگیرێت، بەڵام ئەوەندە بڵاو بووە، کە تەنانەت سەرتاشەکانیش وەك جۆرێ لە ڕازیکردنی مشتەری بەکاری بهێنن و لەلای خەڵکی کراوەتە شتێکی باو و بازاڕی و لە هەمان کاتیشدا گاڵتەجارانە، چونکە کیەکەگارد پێیوایە ئەو داهێنانە زانستییە ئەو ڕۆڵەی بۆ تێگەیشتن لەمرۆڤ کە ئەوەندە بۆتە جێی پەرستن و باوەڕهێنان، نییە. کیەکەگارد لەم پارچەیەدا، هەر تەنیا پلارێك لە زانست و دەستکەوتەکانی ناگرێت، بەڵکو توانجێکیش لە ئەقڵی زانستباوەڕان و ڕەشەخەڵك دەگرێت، کە ئەوەندە دڵی خۆیان بەم دەستکەوتە زانستیانە خۆشکردووە. وێڕای ئەوانەش، کیەکەگارد زۆر دەستپێشخەرانە ئاماژە بەو پەیوەندییە دەکات، کە لە نێوان بازاڕ و زانستدا هەیە. لێرەشدا کیەکەگارد جیاوازیی لەگەڵ ئەریستۆتالیسدا هەیە، بەتایبەتی لەسەر چەمکی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی ئازاد.[20]

ڕەخنەی کیەکەگارد لە زانست و هزری زانستیی مۆدێرن، ڕەخنەیەکی نەزانانە و ڕەتکەرەوانە و ڕەگاژۆخوازانە نییە و خۆی بەدوور گرتووە لە دووڕوویی ئایینی. چونکە ئەو بۆخۆی ژیانێکی هەبوو زۆرێك لە ئامێر و کەرەستە زانستییە مۆدێرنەکانی تێدا بەکار دەهێنان. بەو گالیسکانە هاتوو چۆی دەکرد، کە بەرهەمی دنیای مۆدێرن بوون. سواری کەشتی هەڵمی دەبوو، بەو قەڵەم و پەرەمووچانەش دەینووسی کە نیشانەکانی دنیای نوێیان پێوە بوو. ئەو لە جلوبەرگ پۆشینیشدا مۆدێرن و شیك بوو. کەواتە ئەوەی کیەکەگارد لە دژییەتی مۆدێرن و هزری زانستی مۆدێرن نییە وەك خۆی، بەڵکو وەك ئەوەی کە لە بازاڕدا وەك بنەمایەکی پیرۆز، کە وەڵامی چارەسەری هەموو کێشەکانی مرۆڤی لەلایە و بەبێ ئەو ناتوانین لە مرۆڤ و قەیرانەکانی تێبگەین، لەدژی ئەمەبوو. ئەو پێی وابوو ئەمە زیان بە ژیانی مەعنەویی و گیانیی مرۆڤ دەگەیەنێت و سادە و ساکاری دەکاتەوە و لەڕووی مەعنەوییەوە هەژار و پەڕپووتی دەکات. وای لێدەکات ژیانی ببێتە ژیانێکی گاڵتەجارانەی مادیی پەرستانە و دەیکاتە بابەتێك لەوێدا و خودی خۆی وەکئەوەی کە هەیە ئەو گرنگییەی نامێنێت.

زانست بۆ کیەکەگارد تەنیا ڕێگایەك بوو بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان نەك لە بوون[21]. ئەگەر ئەوەش بێت ئەوە تێگەیشتنی زانستیانە تێگەیشتنێکی ڕەها و هەمیشەیی نییە و ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمە جگە لەوەی نابێت تێگەیشتنی زانستیانە جێگرەوە و ڕەتکەرەوەی تێگەیشتنەکانی دیکە بێت، بۆ نموونە تێگەیشتنی مەعنەویانە لە مرۆڤ.

بەمجۆرەش ڕەخنەگرتنی کیەکەگارد لەم ڕوانگە و تێگەیشتنەوە بۆ زانستەکان و زانستیی سرووشتی، هاتبوو:

"مرۆڤ لەبەر زانستە سرووشتییەکاندا خۆی پێراناگیرێت. مرۆڤ لەوێدا بێدەسەڵات دەوەستێت و بەرگریی پێناکرێت. توێژەر بەخێرایی دەکەوێتە تەخشان و پەخشانی وردەکارییەکان: ئێستێ دەبێت بچینە ئوستورالیا، دەبێت بچینە سەر مانگ، دەبێت بچینە کونێکەوە لە ژێر زەوی، ئێستا کرمێك لە کۆمدا دۆزرایەوە، ئێستە پێویستە تەلسکۆپ بەکار بهێنرێت، ئەمێستا میکرۆسکۆپ: بۆخاتری شەیتان، مرۆڤ چۆن بەرگەی ئەمە دەگرێت"[22]!

دەقەکە ئەو نومایشە دەنوێنێت کە سەرەتای پێشکەوتنی زانستی لەگەڵ خۆی هێنای! هەموو شتێك بە ناوی "پێشکەوتن"ـەوە ڕەواج و ڕەوایەتی پێدەدرا. ئاماژەکردنە بۆ ئەزموونگەرایی لە بواری کاری زانستیدا، کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی بەردەوام و چوونە کونج و قوژبنی وردەکاری دیاردەکانەوە، دەیەوێت ڕاستیی بابەتەکان بسەلمێنێت. سرووشت و ئاسمان و دەرەوە و ناوەوە دەبنە مەیدانی تاقیکردنەوەی زانستی و هزری بێ ئامانی پێشکەوتن خەریکی داگیرکردنی ژیان و بوونە.

---

[19] Søren Kierkegaard: (SKS: NB 76), Journalen. 1846.

[20] George J. Stack:The Modern Schoolman; Volume 46, Issue 1, November 1968, P: 11-23, https://doi.org/10.5840/schoolman19684612.

[21] René Rosfort: “at forstaaeliggjøre og tyde Naturens Runer” En genovervejelse af Kierkegaards kritik af naturvidenskaben. Dansk Teologisk Tidsskrift 76. årg., 2013 s. 133-149.

[22] Søren Kierkegaard: (SKS: NB 20, 73), Journalen, 1846.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 53-68
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کیەکەگارد هەر زوو هەستی بەم تایبەتمەندییەی کاری زانستی، یان ئەوەی بە ناوی زانستەوە ئەنجام دەدرێت، کردبوو. زانستخوازی جۆرێکە لە سەرقاڵبوون بە جیهانەوە نەك بە بوونەوە. وەك ئەوەی کە بڕوا بهێنین هەموو کێشەکان بە زانست چارەسەر دەبن لە کاتێکدا زانست تەنیا یەکێکە لە ئامرازەکانی تێگەیشتن لە جیهانی ماددی نەك جیهانی مەعنەوی. زانستیش وەك هەر هزرینێکی دیکە زادەی شوێنکاتی خۆیەتی و دانایییەکی ڕەها نییە. سنووری هەیە و کاریگەریی دەچێتە سەر، ئەوەی ئەمڕۆ زانستییە، سبەی کۆن و بەسەر دەچێت. ئەمە خۆخەڵەتاندنی مرۆڤە کە وا دەخاتە مێشکی خۆیەوە کە زانست کلیلی چارەسەری هەموو شتێکی پێیە. کیەکەگارد بەو گومانەی لە زانستباوەڕی و پێشکەوتن هەیبوو، ترسی خۆیشی لە زیانەکانی زانست و پێشێلکارییە زانستییەکان نەدەشاردەوە.

"زانستی سروشتی بۆ کیەکەگارد، لە یەك کاتدا دوژمنی گیان و دوژمنی مەسیحییەتیش بوو، چونکە شتێکی نا ئاکاری بوو. ئەم هەڵوێستە لەگەڵ چەمکی باوەڕداریی ئەویشدا تەبا بوو، بگرە ئەو لە ڕوانگەی بڕوادارییەوە لە زانستی دەڕوانی و ڕەخنەی لێدەگرت. هەروەها لەگەڵ بیرۆکەی سووسە (شهوودیانە)ی ئەویشدا دەگونجێت، کە لەو بڕوایەدا بوو شتگەلێك هەن تێیان ناگەین، بێمانا دەردەکەون و ناکۆکن لە کاتێکدا زانست بانگەشەی تێگەیشتنێکی ڕوون و ڕەها و کۆنکرێتی دەکات. بۆیە ئاشتکردنەوەی ئایین و زانستی سروشتی، جێگەیەکی لە ڕەتکردنەوە بنەبڕەکەی کیەکەگارد بۆ زانستە سروشتییەکاندا نەبوو"[23].

کیەکەگارد لە ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی خۆی و بەتاڵکردنەوەی بانگەشەکانی زانستی سرووشتی نەدەکەوت و هەر هەڵێکی بۆ ڕەخسابا ئاراستەی تیرەکەی دەخستە سەر دڵی ئەم زانستانە. لێرەدا پەرەگرافێکی درێژ دەگوێزمەوە:

"ئایا پێویستە بزانم هەرسکردن چۆن ڕوودەدات بۆ ئەوەی بتوانم خواردن بخۆم، یان پێویستە بزانم جوڵە چۆن لە کۆئەندامی دەماردا ڕوودەدات بۆ ئەوەی باوەڕم بە خودا هەبێت و خودام خۆش بوێت.. ئایا ئەم هەموو زانینە نابێتە هۆی ئەوەی نیگام لەو شتانە دوور بخەمەوە کە گرنگن. من پێویستیم بە فیزیۆلۆژییەك نییە بۆ تێگەیشتن لە بوون. من دەمەوێت فیزیۆلۆژیستێکی ڕۆحی لە خەیاڵمدا بێت، (چونکە ئەم قەسابانە پێیان وایە دەتوانن بە یارمەتی چەقۆ هەموو شتێک ڕوون بکەنەوە و دواتر بە یارمەتی مایکرۆسکۆپ! باشە دوایەوە چی دەکات؟ لەبری ئەوەی بە کورتی و شیرینی بڵێت: ناتوانم ئەوە ڕوون بکەمەوە، ئەو بە وردەکارییەکی زۆرەوە قوتابییەکان بە زانیاریی لە ڕادەبەدەر سیحراوی و سەرنجڕاکێش بارگران دەکات، دوایش هەمیشە بەو ڕاستییە کۆتایی دێت کە هێشتا ناتوانێت دوا شت ڕوون بکاتەوە. بەڵام هەر ئەم ڕاستییە کە مرۆڤ بەم شێوەیە بە زانیارییەکی زۆرەوە ڕاگیراوە، وا دەکات مرۆڤ دەربڕینی ئاکاریانەی خۆی لە دەست بدات ."[24]

کیەکەگارد هەڵوێستی خۆی لە ئاست زانستە سرووشتییەکان ڕادەگەیەنێت و ئەمەش هەڵوێستەکانی ئەو بایەخدارتر دەکات، بە تایبەتیش کاتێك ئەم بۆچوونانەی دەربڕیون کە زانستە سرووشتییەکان لە لووتکەی دەسەڵاتی خۆیاندا بوون.

بەو دیوی دیکەشدا، کیەکەگارد و ئەریستۆتالیس لە مەسەلەی پێناسەکردنی خوادا وەك "بزوێنەری نەبزواو" تەواو تەبا و کۆك بوون. ئەریستۆتالیس لەمبارەیەوە نووسیویەتی: "شتێك هەیە شتەکانی دیکە دەخاتە جوڵە، لە کاتێکدا بۆخۆی بێ جوڵەیە و بوونێکی کردەکیانەی هەیە. ئەویش بەجوڵەخەری یەکەمە. ئەم بە جوڵەخەری یەکەمە بوونێکی ناچارییە و هەر لەبەر ئەوەش بوونێکی چاکەکاریانەی هەیە و بەم مانایەش پرانسیپی سەرەتایە"[25].

کیەکەگارد لە بەرپەرچدانەوەی ئەریستۆتالیسدا پێی وایە: "نەجوڵاو وەك ئامانجی جوڵە سەر بە جوڵە خۆیەتی، چ لە ئاستی واتادا و چ بەو شێوەیەی کە بگوترێت هەموو شتێك هەمیشە لە جوڵەدایە. جا ئەگەر کاتیشمان لێ خستە دەرەوە و گوتمان هەر شتێك هەمیشە لە جوڵەدایە؛ هەر بۆیەشە ئەریستۆتالیس کە ئەوەندە باسی جوڵە دەکات، دەڵێت: خودا بۆخۆی بزوێنەری بێ جوڵەیە."[26]
واتە خودا وەدیهێنەری جیهان و بوونە و بوون و جیهانیش هەموویان لەسەر جوڵە وەستاون، بەبێ ئەوەی وەدیهێنەرەکەیان بۆخۆی

---

[23] Marie Mikulovå Thulstrup: Kierkegaard og naturvidenskaben. Pdf. S: 63. Hentet den 23. feb, 2023 Fra: https://tidsskrift.dk/kierkegaardiana/article/view/31449/28910.

[24] Søren Kierkegaard: (SKS: 20. 60), Journalen NB: 1746.

[25] أرسطو: مابعد الطبيعة (متافيزيك)، ت: محمد حسن لطفى، تهران: انتشارات طرح نو، چاپ دوم: 1385، ص: 481، (1072ب). بۆ تێگەیشتنیکی وردتر لەبارەی میتافیزیکەوە بڕوانە:

- مارتین هایدیگەر: میتافیزیك چییە؟ وەرگێڕانی: د. حەمید عەزیز، کوردستان، هەولێر: کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، 2011.
- هەروەها بۆ تێگەیشتنێکی زیاتری دەستەواژەی (بزوێنەری نەجوڵاو) لەلای ئەریستۆتالیس، بڕوانە:
- د. محەمەد کەمال: مێتافیزیکی ئەریستۆ. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم: 2016، ل-ل: 97-111.

[26] Søren Kierkegaard: (SKS): Afsluttende uvidenskabelig Efterskrift. 7, 284.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 53-68
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بجوڵێت. بە هەمان شێوەش کیەکەگارد لەو بڕوایەدایە، "ئەوە نوێژکردن نییە خودا دەگۆڕێت، بەڵکو نوێژکەر دەگۆڕێت"[27]. بۆیە دەتوانین بڵێین خودا نەگۆڕ و بێ جوڵەیە[28]. "هەموو شتێك دەجوڵێنێت، هیچ شتێك نایجوڵێنێ"[29]

کێشەی کیەکەگارد لەگەڵ زانستە سرووشتییەکان ئەوە بوو، کە زانست ناتوانێت تێگەیشتن لەبارەی بوونەوە بەدەست بهێنێت، چونکە بوون دەکەوێتە دەرەوەی بابەتەکانی زانستەوە و ئەمە بابەتی خوداناسی و باوەڕە. کیەکەگارد زۆر ڕاشکاوانە و بوێرانە بڕیاری خۆی دابوو:

"من شێتی زانستە سرووشتییەکانم و ئێستاش وام. بەڵام هێشتاکە نەگەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی بیانکەم بە بابەتی خوێندنم. هەمیشە زۆرترین پەیوەندیم لەگەڵ ژیان و هێزی هۆش و ئازادی بووە. بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی مەتەڵەکانی ژیان هەردەم ئارەزووی من بوون. ئەو چل ساڵەی لە بیاباندا[30]، پێش هاتنی وادەی چاوەڕوانکراوی زانستەکان بەسەرم بردووە؛ بەلامەوە زۆر بەهادارە و لەوەش زیاتر بڕوام وایە، کە سرووشت لایەنێکی هەیە کە ناچێتە ژێر ڕوانگەی زانستەوە. من هەموو جیهان لە تاقە گوڵێکەوە دەبینم، یان گوێ لەو هەموو ئاماژانە دەگرم کە سرووشت لەپەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤەوە پێشکەشمانی دەکات. [31]"

ئەم ڕێتمە سپینۆزاییە[32]ی کیەکەگارد و ئەوەی زانستە سرووشتییەکان، یان ڕێڕەوی ئەزموونگەرای ئەریستۆتالیس جیاوازییان زۆرە. بەڵام خاڵی هاوکۆیی کیەکەگارد و ئەریستۆتالیسیش هەر بوونە، کە بۆ هەردووکیان وەدیهێنراوی بەجوڵەخەرێکی بێ جووڵەیە و بە خودایەکی دەزانن کە خۆی لە دەرەوەی سیفاتەکانی هەبووە. هەرچەندە ئەم خودایە بۆ کیەکەگارد هەمان خودای ئاینەکان و نێو نەرێتی فەلسەفی نییە، هێندەی ئەوەی خودایەکی بەدروونیکراوی هەمیشەیی بێبڕانەوەیە. ئەم جەختکردنەوەیەی کیەکەگارد لەسەر بێبڕانەوەیی خودا و چییەتییەکەی، لە بیرمەندێکی دیکە نزیکی دەخاتەوە، کە ئەویش ئاگۆستینی قەدیسە. نزیکبوونەوەی کیەکەگارد و ئاگۆستین لە هەمان کاتدا پەرینەوەی کیەکەگاردە لە نەرێتی یۆنانییەوە بۆ نەرێتی مەسیحی.

**باسی سێیەم: ئاگۆستینی پاك(354-450)**

هەریەکە لە ئاگۆستین و کیەکەگارد وێڕای ئەوەش کە دوو هزرمەند، فەیلەسووف و لاهووتیی باوەڕدارن، بە چەند بەرز و نزمییەکی ژیاندا تێپەڕ بوون و ئەمەش کاریگەریی کردۆتە سەر شێوازی بیرکردنەوەیان. هەردووکیان خوێنەری فەیلەسووفەکانی پێش خۆیان بوون: بەتایبەتی پلاتۆ و پلاتۆنییە نوێیەکان. ئاگۆستین لە تەمەنی بیست ساڵیدا ئەریستۆی خوێندۆتەوە[33]. هەردووکیان بە قۆناغی گوماناریدا تێپەڕین و پلاتۆنییەکانیان خوێندەوە و دواجار خۆیان لە نێو باوەڕداریی ئاینیدا دۆزییەوە[34]. هەردووکیان بە ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆشی دڵداری و پەیوەندییدا تێپەڕین. ئاگۆستین لە خۆشەویستەکەی کوڕێکی بوو، لە تەمەنی هەژدە ساڵاندا لە دەستیان دا و دایکیشی ناچاری کرد بە زۆر لە دەزگیرانەکەی جیابێتەوە[35]. ئەویان ئەمازیغیی و خوێندنی لە قەرتاجنە تەواو کرد

---

[27] Søren Kierkegaard: Kierkegaard, Søren Guds Uforanderlighed, 327.
[28] Birgite Bertung: 2013, s: 40.
[29] Kierkegaard, Søren Journalen NB24 : 1851, S: 58.

[30] لێرەدا کیەکەگارد بە زمانی خوازە دەنووسێت، مەبەستی بیابان، ئەو عەودالییەی بووە بەدوای تێگەیشتن و ڕاستیدا، کە تێپەڕاندووە.

[31] Søren Kierkegaard: (SKS: 17, 20), Journalen AA, Kjøbenhavn, den 1ste Juni 1835.

[32] سپینۆزا لە هزری کیەکەگاردا ئامادەییەکی بەچاوی هەیە و کیەکەگارد زۆری لێوە فێر بووە. بۆ نموونە بیرۆکەی خودا وەکئەوەی بیرۆکەیەکی ئەم جیهانییە نەك میتافیزیکی، بیرۆکەی سپینۆزایە. بڕوانە:

- بارۆخ سپینۆزا: ئەخلاق. وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە: شاهۆ عوسمان، سلێمانی: نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لیکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، چاپی یەکەم، 2015.

[33] قدیس اگوستین: اعترافات، 1380، دفتر چهارم، ص: 135.

[34] قدیس اگوستین: اعترافات، دفتر پنجم، ص: 158، دفتر ششم، ص: 222،

[35] قدیس اگوستین: همان، دفتر چهارم، ص: 116-117.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

و پاشان لە شاری ڕۆم و میلانۆ کاری کرد و لە کۆتایی تەمەنیدا وەك ئەسقەف گەڕایەوە سەرووی ئەفەریقیا[36]. کیەکەگارد لە بەرلین و کۆپنهاگن فەلسەفە و لاهووتی خوێند و هەرگیز کۆپنهاگنی جێنەهێشت، جگە لە دوو[37] یان چوار سەفەر بۆ بەرلین[38] .

چەند خاڵێك هەیە لە چوارچێوەی بوونخوازیدا کیەکەگارد و ئاگۆستینی پاك لێکتر نزیکدەخاتەوە. یەکەم: جەختکردنەوە لەسەر دۆزینەوەی واتا و ئامانج و بایەخی ژیان، بە تایبەتی بۆ تاکەکەس، دووەم: ئاوڕدانەوە لە گرژی و خەم و حەسرەت، تووڕەیی و نامۆیی ناوەوەی مرۆڤ لە ژیان و لە خۆی؛ سێیەمیش: کاردانەوەیان لە دژی ئەقڵانییەتی پەڕگیر و چوونەوەسەر بابەتە مەعنەوی و هونەری و بواری داهێنان و هەستەکان.

ئەم ڕێچکەیە ئەوەی خستەوە ناو فەلسەفە، کە لێی هێنرابووە دەرەوە. فەلسەفەیان کردەوە بە دۆستی ژیان و مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی لێکچوون و ناکۆکیش لە نێوانیاندا هەیە. ئاگۆستین لە نێو کولتووری یۆنانی و ڕۆمیدا پەروەردە بوو، سوودی لە پلاتۆ وەرگرت بۆ بەهێزکردنی بڕوا مەسیحییەکانی خۆی، بە تایبەتی ئایدیای گەڕانەوەی ڕۆح و پەیوەستبوونەوەی بە ڕۆحی باڵاوە[39]. کیەکەگاردیش بەو هۆیەوە کە زمانی لاتینی و یۆنانی دەزانی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ کولتووری هەردوو قەڵەمڕەوەکەدا تێکەڵ بوو. هەردووکیان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە خوداناسی و فەلسەفەیان بەکار هێنا بۆ گەشەدان بە بیروڕاکانی خۆیان، بەڵام لە بنەماوە هەڵوێستی جیاوزییان هەبوو: لە کاتێکدا ئاگۆستین دەیگوت: "ئەگەر بڕوا نەهێنن تێناگەن.. من بڕوا دەهێنم بەوەی تێیدەگەم، بەڵام لە هەموو ئەوە تێناگەم کە بڕوایان پێدەهێنم. پاشان هەموو ئەوە دەزانم کە تێیی دەگەم، بەڵام هەموو ئەوەی بڕوای پێدەهێنم، نازانم"[40]، کەچی بەپێی سەرچاوەکان: "کیەکەگارد لەو بڕوایەدا بوو باوەڕ کاتێك دەستپێدەکات، کە تێگەیشتن یەخەی بەردابێ"**[41]**.

ئەوەی لەم دوو دەربڕینەدا مایەی جیاوازیی بنەڕەتییە، ئەوەیە، کە ئاگۆستین باوەڕ دەخاتە پێش بیرکردنەوە و تێگەیشتنەوە. بۆ ئەوەی تێبگەین، پێویستە سەرەتا بڕوا بهێنین. بڕواداریی پێشمەرجی تێگەیشتنە و نابێت مرۆڤ لە تێگەیشتنەوە بەرەو بڕواداری بچێت، بەڵکو پێویستە سەرەتا بڕوای هەبێت، پاشان هەوڵبدات بە ئەقڵ لە بڕوایەکەی تێبگات، یان پاساوی بۆ بهێنێتەوە. بەمجۆرەش، فەلسەفە وەك شێوازێکی ئەقڵانی بۆ تێگەیشتن و پەیوەست بەم بۆچوونەی کیەکەگاردەوە: "لە خۆیدا هیچ بەهایەکی نییە بەڵکو ئامرازێکە بۆ نزیکبوونەوە و قووڵبوونەوە لە باوەڕ"[42].

بۆ کیەکەگارد بابەتەکە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ژیر و باوەڕ دروست بووە. مرۆڤ مەودایەکی زۆر لە ژیانیدا بەو جۆرە دەژی کە ئەقڵ دەیخوازێت و چێژ و ئاکار کۆنترۆڵی دەکەن، بەڵام ئەمە لە کۆتاییدا مرۆڤ نائومێد دەکات و دەبینێت هێشتا تێنەگەیشتووە. بۆیە باوەڕ بۆ کیەکەگارد ڕۆڵی فەریادڕەسێکی هەیە تاکو تاکەکەس لەو سنوورانە ڕزگار بکات، کە لێکدانەوە بۆیان داناوە. باوەڕی کیەکەگاردی پەیوەندییە لە نێوان خودێتی تاکەکەس و خودایەکی دەروونیدا، کە دەبێت مرۆڤ لە خۆیدا بیدۆزێتەوە. بۆ ئاگۆستین و کیەکەگارد خودا بوونێکی دەروونی هەیە، هەردووکیشیان ئەم بیرۆکەیەیان لە پۆڵسی قەدیسەوە وەرگرتووە، کە لە نامەکانیدا بۆ کۆرینتۆسیەکان (قەرەنتینەکان) بە باوەڕداران دەڵێت: "پێویستە لە قووڵایی نەفسی قسەکەردا بە دوای ڕەب دا بگەڕێین. پەرستگای مرۆڤ ناخی خۆیەتی. ئایا بیرتان چۆتەوە کە ئێوە پەرستگای خودان و ڕۆحی خودا لە ناختاندا جێگیرە؟[43] بەمجۆرەش، پێویستە مرۆڤ کارێك بکات خودا بە دەروونی بکات: "ڕێگەم دە تاکو دانایی لەسەر تۆ بەدەست بهێنم، چونکە تۆ خودایەکی کە داناییت بە من هەیە. بهێڵە تا بە هەمان ئەو ڕۆشناییەی تۆ منی تێدا دەبینیت، منیش تۆ ببینم (کورەنتینییەکانی یەکەم: 13:12)***[44]*** .

[36] ڕێبوار سیوەیلی: قەشە ئاگۆستین، فەلسەفە و باوەڕ، 2012، دەزگای زەریاب، هەولێر، کوردستان. ل: 13-24.
[37] Orla Villekjær: Betjent og reformtor. Om Søren Kierkegaard. Lohses forlag, København, 1996, s: 45-46.
[38] DET DANSKE FILMINSTITUT præsenterer **Søren Kierkegaard- den danske filosof og hans tanker.** http://www.cykelkurt.com/div/div-2/kierkegaard/kierkegaard.html.
[39] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی ئەفلاتوون (2010)، ل: 211-213.
[40] القديس أوغوسطين: المعلم. فى: د. حسن حنفى: نصوص من الفلسفة المسيحية فى عصر الوسيط (أوغوسطين، انسلم، توما الاكوينى)، دار التنوير، بيروت، 2008، ص: 37.
[41] Birgit Bertung: 2013, s: 43.
[42] Poul Lubcke (Red.): Politikens Filosofi Leksikon. København, Politikens Forlag, 11. oplag 1996, s: 37.
[43] الكتاب المقدس، العهد القديم و العهد الجديد. الترجمة العربية المشتركة من اللغات الاصليةو دار الكتاب المقدس فى الشرق الاوسط 1993-1995. (رسالة القديس بولس الرسول الاولى الى منيسة كورنثوس 3: 16)، ص: 253.
[44] قديس اگوستين: اعترافات. ت: سايەء ميثمى. ويراستە: مصطفى ملكيان. تهران: دفتر پژوهش و نشر سوهروردى. چاپ دوم، 1380، كتاب دهم، ص: 293.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

یان لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێت: "پەروەردگارا! تەنیا تۆ دەتوانیت داوەری لەبارەی منەوە بکەیت؛ هەرچەندەش نووسراوە، کە هیچکەس توانای خوێندنەوەی هزرینی کەسی دیکەی نییە مەگەر خودی ئەو(مەزامیر، 2:11)، وەلێ گاهێ لە نەفسی مرۆییدا ساتەوەختانێك هەن کە تەنانەت ڕۆحی خۆیشی توانای تێگەیشتنیانی نییە، بەڵام پەروەردگارا! ئەتۆ بەوەی لە قووڵاییەکانی ناوەوەی مرۆدا هەیە، ئاگایت"[45].

وەك دەبینین کتێبی (دانپیانانەکان)ی ئاگۆستین پڕە لەو دەربڕینانەی کە وێنای خودایەکی دەرەکی (بابەتی/ئۆبژەکتیف)ی دوور لە ژیانی مرۆڤەوە دەکەن و ئاگۆستین لە هەوڵی ئەوەدایە ئەم خودایە بە دروونی بکات. واتە لە خۆیدا نیشتەجێی بکات.

ئەمە بۆ کیەکەگارد تەواو پێچەوانەیە: ئەم دوو فەیلەسووفە لە ئامانجدا یەك دەگرنەوە، بەڵام دەسپێکیان جیاوازە: کیەکەگارد پێی وا نییە خودایەکی دەرەکیی، یان خودای ئاینێکی تایبەت لە دەرەوەی بوونی مرۆڤ هەبێت، بەڵکو هەرچی هەیە لە دەروونی خودی خۆیدایە و دەبێت لە خۆیدا بیدۆزێتەوە. کیەکەگارد وەک بیرمەندێکی مەسیحی پێی وایە مرۆڤ بوونێکە کە پەیوەندی لەگەڵ خودا هەیە، بەڵام باوەڕبوون بە خودا شتێک نییە کە بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی ژیر و بیرکردنەوەی ژیرانەوە پێی بگات. خودا ژیرایەتی ئێمە تێدەپەڕێنێت، خودا شتێک نییە مرۆڤ بتوانێت پێناسەی بکات و بیخاتە سەر ڕێسایەك، یان بە مەبەست و سروشتی خۆی بتوانێت زانیارییەکی دیاریکراو لەبارەیەوە بەدەست بهێنێت. بۆیە لەلای کیەکەگارد باوەڕ بە هیچ شێوەیەك بابەتی و دەرەکیی نییە.

ئەو دەنووسێت: "بەبێ چوونە مەترسییەوە، باوەڕداری مەحاڵە. باوەڕداری ناکۆکێکە لە نێوان تامەزرۆیی بێکۆتای ناخ و باوەڕی بابەتیانە. ئەگەر بمتوانیبا بە شێوەیەکی بابەتیانە خودا بناسم، کە هەر چەندە من لەو بڕوایەدا نیم، بەڵام ڕێك بەو هۆیەوە کە ئەمە ناتوانم، پێویستیشە باوەڕداریم بپارێزم، ئەگەر بشمەوێت لە باوەڕداریمدا بمێنمەوە ئەوە دەبێت بە بەردەوامی ئاگام لێبێت، چونکە دەستگرتنم بە باوەڕیی بابەتیانەوە، وەکئەوەیە بکەومە نێو "حەفتا هەزار قولانج(*) ئاوەوە" و هێشتاش هەر باوەڕداربم."[46]

کیەکەگارد جیاوازیی لە نێوان باوەڕداریی ڕاستەقینەی تاکەکەسیی و باوەڕداری بابەتیانەدا دەکات. ئەو پێیوایە باوەڕداری بابەتیانە ئەو باوەڕدارییە گشتییە، کە ڕەواجی پێدەدرێت و مرۆڤی پێ چاوبەست دەکرێت چوون وەك هەمووان بەشداری لە ڕێ و ڕەسمەکانی ئایینداریدا دەکات، تاکو قەناعەت بکات ئەویش باوەڕدارە. ئەم جۆرە باوەڕدارییە، باوەڕداریی بانگخواز و مژدەبەخشەکانە، کە بەشێکن لە زەوتکەرانی باوەڕی تایبەتی و پێیانوایە باوەڕ شتێکە ئەوان لە لای تاکەکەس دروستی دەکەن. ئاخر ئەمە بە واتای ئەوەیە ئەوانە ئەوەندە نزم تەماشای مرۆڤ و تەماشای تاکەکەس دەکەن، کە بەشایانی ئەوەشی نازانن خۆیان هەڵگری باوەڕێکی ڕاستەقینە بن و خودای خۆیان لە دەروونیدا بناسن. ئەوان دێن و بە هەر ناوێکەوە خودایەك بۆ تاکەکەس پێشنیار دەکەن، یان بە سەریدا دەیسەپێنن؛ کە خودای خودی من نییە! ئەگەر من بۆ خۆم لە هەڵبژاردنی خوداکەی خۆمدا، یان لە دۆزینەوەیدا ئازادیم نەبێت، هەر خودایەك بەسەر منەوە، خودای ئەوانیتر و خودایەکی سەپاوە.

کیەکەگارد لەو باوەڕەدایە ئەمە وەك ئەوەیە مرۆڤ تووشی هەزار کێشە ببێت و کەچی هەر وابزانێت ئەو باوەڕدارە لە کاتێکدا باوەڕداری ڕاستەقینە لە ژیان و کێشەکانییەوە ئەزموونی تایبەت وەردەگرێت و لێیانەوە فێر دەبێت و بەوەش باوەڕداریی تاکەکەسیانەی خۆی پتەو دەکات. بۆیە باوەڕداری ڕاستەقینە مەترسیکردنە، نەك وەرگرتن: کاتێك بە زوویی شتێکی ئازیز لەدەست دەدەین، کاتێك توندوتیژی و کارەساتەسرووشتییەکان دەمانپێکن و هیچمان لەدەست نایەت، ئەو دەمەی ئەمانە هیچ مانایەکیان نییە،

---

[45] اگوستین: اعترافات، پێشوو، ل: 297.

[46] Søren Kierkegaard: (SKS: 7, 178), Afsluttende uvidenskabelig Efterskrift til de philosophiske Smuler. Mimisk-pathetisk-dialektisk Sammenskrift, Existentielt Indlæg, af JOHANNES CLIMACUS, 1846.

(*) قولانج یەکەیەکی پێوانە کردن بووە، لە دانمارك پێی دەگوترێت (**Favne**) و هەر یەکێك لەم پێوانەیە یەکسان بووە بە (1.88سم). ئەم پیوانەکردنە لە دانمارکدا هەتا ساڵی 1907 کاری پێدەکرا و لەوەدواش لە ساڵی 1916 بە یاسا پێوانەیەکی دیکەیان لە جێی دانا و ئەوەیان هەڵوەشاندەوە. پێدەچێت کیەکەگارد بە لاساییکردنەوە لە هیگڵ، کاتێك باسی پاشایەکی هیندستان دەکات و گوایە 70000ساڵ حوکمی کردووە، ئەم پێوانەیەی بەکارهێنابێت، بڕوانە:

- Søren Kierkegaard: (SKS: 7, 131, 17), Afsluttende uvidenskabelig Efterskrift, *Kommentarer.*

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:53-68 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ناچارین پەسەندیان بکەین. بۆیە کشانەوە یەکەم هەنگاوی باوەڕدارییە. هەنگاوی دووەم ئەوەیە باوەڕت هەبێت وێڕای ئەم پووچییەش هێشتا هەموو ئەوەی لە دەستی دەدەین وەردەگرینەوە"[47]

باوەڕداریی ڕاستەقینە لە تامەزرۆییەکی کۆتانەهاتووی ناخی هەر کەسێکەوە دێت، نەك لە خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ باوەڕداریی باو. وتاربێژ و بانگخواز و موژدەبەخشەکان ناتوانن ئەو تامەزرۆییەی من بۆ گەڕانم بەدوای دۆزینەوەی خودای تایبەت بە خۆم لێزەوت بکەن. منیش نابێت باوەڕی خۆم بدەمە دەستیان و ئەوان لە جیاتی من خودایەکم بۆ بدۆزنەوە، چونکە ئەگەر خودی من ئەو کارە نەکات، ئەو خودایەش خودایەکی ڕاستەقینە نابێت. خودای من، خودایەکی بوونخوازانەی منە، خودایەکە بوونی من دەیخوازێت و بوونی من تەواو دەکات. کەواتە مەسەلەکە بۆ کیەکەگارد ماڵئاواییە لە قەڵەمڕەوی ئەقڵ و خۆبەدەستەوەدانە بە قەڵەمڕەوی باوەڕ. بازهەڵدانێکە لە شوێنێکی زۆر بەرزەوە بۆ خوارەوە، یان بازهەڵدانە بە سەر حەفتاهەزار قولانج ئاودا بەو باوەڕەوە کە لە کەوتنەخوارەوەدا هیچمان لێنایەت. ئەوەی باوەڕ دەهێڵێتەوە ئەم مەترسیکردنەیە بە ژیان و بوون، باوەڕ باوەڕدارییە بە مەحاڵ و ئەوەی کە وابزانین ئەوەی ڕوو دەدات، ڕوونادات. بۆیە باوەڕ بۆ کیەکەگارد لە سەرووی ژیر و لە دەرەوەی ئاکارەوەیە. کیەکەگارد پێی وایە حەزرەتی ئیبراهیم نموونەی هەرە باڵای باوەڕدارانە، چونکە تەنیا بەوەی کە خودا فەرمانی پێدا بچێت ئیسحاقی/ئیسماعیلی کوڕی سەرببڕێت، چوو ئەو کارە بکات، بەبێ ئەوەی دەرەنجامەکان لێکبداتەوە. بەڵام کیەکەگارد وای لێکدەداتەوە، کە بڵێت ئیبراهیم دەیزانی ئەوە ڕوونادات و خودا ئەوەی ناوێت و هەر واش دەرچوو[48]. ئەم بریار و باوەڕەیە کە بۆ کیەکەگارد دەبێتە بەڵگە لەسەر بوونی مرۆڤ بەو تاکەکەسەی کە خودێتی خۆی دەدۆزێتەوە خۆی خۆی دروستدەکات.

لەلایەکیترەوە، کیەکەگاردیش بە وێنەی ئاگۆستین جیاوازی لە نێوان کات و بێیرانەوەدا دەکات بەڵام ئەم گفتوگۆیە زۆر لە پێش ئەمانەوە لەلای فەیلەسووفانی دیکە دەستی پێکردووە. بۆ نموونە لەلای هەر یەك لە پلاتۆ، ئەریستۆتالیس، پلۆتین[49]. ئاگۆستین لە دوو شاکاری خۆیدا باسی مەسەلەی کات دەکات، واتە لە کتێبی دانپیانانەکان و شاری خودا[50]دا. لە یەکەمیاندا باس لە چییەتی کێشەی کات و لە دووەمیاندا باسی پەیوەندیی خودای دەرەکاتی، بە کاتەوە دەکات.

زۆر لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین ئاگۆستین تێگەیشتنی خۆی لە کات وەك بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی سنووردارێیی بوونی مرۆیی و بێسنووریی بوونی خودایی، دەخاتە ڕوو. ئەمەش تەباییەکی دیکەی لەگەڵ کیەکەگاردا بۆ دروستدەکات. ئەو دەیەوێ بوونی مرۆیی بە بوون لە سەفەرێکدا بچووێنێ کە لە مەودای کاتەوە(Time) بەرەو هەمیشەیی (Eternity)ئاسمانی دەچێتەوە. لەلای کیەکەگارد ئەم چوونەوەیە بەرەو خودا دەبێتە دۆزینەوەی خودا لە خودی خۆیدا. بەمجۆرەش ئاگۆستین توێژینەوەکەی خۆی لە کات، دەخاتە خزمەت ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی سەبارەت بە کۆتابوونی کاتی ژیان و ڕزگاربوونی مرۆڤی بڕوادار لە کۆت و بەندی دنیایی: "قسەی بنەمایی ئاگۆستین ئەوەیە کە خودا بێیرانەوەیە، بەڵام مرۆڤ دیلی کات و پابەندی هەلومەرجەکانیەتی. خودا بە شێوەیەکی هەنووکەیی و لە ئامادەییەکی دەرەکاتیانەدا، لە هەموو شتێك تێدەگات، بەڵام مرۆڤ بە شێوەیەکی کەموکوڕ و نزم لە بوون تێدەگات، واتە هەردەم بەشێ لە ڕاستەقینە لە چاوی مرۆڤەوە نادیارە.[51]"

ئاگۆستین بۆ پڕکردنەوەی ئەم درزە لە تێگەیشتن لە بوون، گرنگیی بە "کاتی ڕۆحی، یان کاتی ژیانکردن"[52]، دەدات. ئاگۆستین لەژێر کاریگەریی پلاتۆ و پلۆتیندا[53]، لە نێوان "کات Time" و "ئەبەدیەت Eternity"، یان هەمیشەیی و هەتاهەتاییدا جیاوازی

[47] Søren Kierkegaard: Frygt og Bæven (SKS 4, 159).
[48] Søren Kierkegaard: (SKS: 4, 117- 4, 118) Frygt og Bæven, 1843.
[49] Maria Pontoppidan :Begreberne om evighed og tid indenfor hedensk og kristen nyplatonisme, med hovedfokus på Plotin som hedenskabets repræsentant.https://www.sdu.dk/-edia/files/om_sdu/institutter/ikv/videnskabelige+tidskrifter/rescogitans/rescogitans/vol4/rc+++pontoppidan.pdf?la=en
[50] اگوستین قدیس: شهر خدا. ت: حسین توفیقی، تهران: انتشارات دانشگاه ادیان و مذاهب، چ. أول، 1391.
[51] تروند برگ اریکسن: تاریخ زمان. ت: اردشیر اسفندیاری، تهران: نشر پرسش، 2006/1386، ص: 90.
[52] هەر ئەوێ، ل: 91-92.
[53]. فلۆتین، یان پلۆتینۆس دوایین فەیلەسووف بوو لە ژێر کاریگەریی شارستانییەتی یۆنانیدا. ساڵی 204-205 لە دایکبووە و پێدەچێت بە ئەسڵ خەڵکی میسر بووبێت. ساڵی مردنی ڕوون نییە. کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر هزرینی پاش خۆی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دەکات[54]. "لەلای ئاگۆستین، بێکۆتایی جیاوازە لە کات، چونکە کات بەبێ جوڵە و گۆڕان نییە و لە بێکۆتاییشدا گۆڕان نییە، کەواتە کاتیش نییە"[55]

ئاگۆستین بوونی خودا دەخاتە پێش کاتەوە، پێش کاتیش بریتیە لە بێبڕانەوە و هەمیشەیی. کەواتە بوونی خودا بوونێکی دەرەکاتی و هەمیشەییە و بوونی هەر شتێکی دیکە بە کاتی دنیاییشەوە (وەك سات و ئان و دەم و چرکە و ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان)، هەموویان بەشێکی بچووکن لە کاتی هەمیشەیی و بێبڕاوە. ئاگۆستین لە دانپیانانەکانیدا ڕوو لە خودا دەکات و دەنووسێت: "چۆن کات دەیتوانی هەبێ، کە هێشتا بە دەستی تۆ نە خوڵقابێ؟.. تۆ خوڵقێنەری هەموو کاتەکانیت، هەرچەندە تۆ لە پێش کاتەوە هەیت، وەلێ لە پێشەوەبوونی تۆ، لە پێشەوەبوونی کاتیانە نییە. ئەگەر وا بوایە، ئەتۆ لە پێش هەموو کاتەکانەوە نەدەبوویت. لە بێکۆتایی و بێبڕانەوەدایە کە تۆ لە هەمان دۆخدا لەپێش تەواوی کاتی ڕابردوو و لەپاش هەموو کاتی داهاتووەوە بەسەر دەبەیت و بێبڕانەوە و بێکۆتایی لە هەموو کاتەکان باڵاترە، لەبەرئەوەی بریتیە لە "ئێستا"یەکی هەمیشەیی[56]"

ئاگۆستین شوناسی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە باوەڕهێنانیدا بە بوونی خودا، کە بوونێکە لە بێبڕانەوەدا، دەبینێتەوە. بۆیە لە دوا ئەنجامدا ئەم بیرمەندە، کاتی دنیایی کە پڕە لە جوڵە و گۆڕان، بە کاتێك تێدەگات کە تیایدا و لە میانەیدا مرۆڤ بەرەو بێکۆتایی کۆچ دەکاتەوە و خۆی لە "شاری خاکیانە" ڕزگار دەکات و بەرەو "شاری خودایی" سەفەر دەکات.

کیەکەگارد لەو بڕوایەدایە کارەساتی ئەم سەردەمەی ئێمە ئەوەیە، کە بێبڕانەوە و بێکۆتابوونی بیرچۆتەوە و کاتیانە دەژی: "کات پێویستی بە بێبڕانەوە هەیە. کارەساتی ئەم سەردەمەی ئێمە ئەوەیە، کە تەنیا بۆتە "ساتەوەختیانە"، ساتەوەختییەك، کە نایەوێت بەکاوە خۆ هیچ لەبارەی بێکۆتاییەوە ببیستێت. لەبەر ئەوەش، بە باش یان خراپ، لە ڕێگەی لاساییکردنەوەیەکی ساختەوە، دەیەوێت وای پیشان بدات، کە بێبڕانەوە و ناکۆتا هیچ پێویست نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەی بۆ هەمیشە بۆ سەرناچێت، چونکە هەتا مرۆڤ خۆی لە سەر ئەوە ڕابهێنێت کە پێویستی بە بێکۆتا نییە، لە بنەمادا زیاتر پێویستی پێی دەبێت.[57]"

لێرەدا کیەکەگارد وەك ئاگۆستینی قەدیس جیاوازیی لە نێوان "کات" و "بێبڕانەوە"دا دەکات. بۆ کیەکەگارد، کات ئەو کاتە دنیایی و مێژووییەیە، کە مرۆڤ لە جیهاندا تیایدا دەژی و دەیباتەسەر، کاتی ئەو تەمەنەیە کە دەژی و کاتە بە پێوەری ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان. ئەوە کاتە (Time) بەڵام کاتێکی دیکە هەیە و ئەویش هەتاهەتایی ئەو جیهانەی دیکەیە (Eternity)، کە بە هەمان ئەندازە گرنگە مرۆڤ کاری بۆ بکات و هەرگیز برانەوە و کۆتاییهاتنی نییە.

کیەکەگارد لەم ڕەخنەیەیدا ڕوو دەکاتە هاوسەردەمەکانی و بەبیریان دەهێنێتەوە کە هەرچی دەیکەن کاتییانەیە و بۆ ئەم دنیایەیە، لە کاتێکدا ئەوان دەبێت بۆ ئەو جیهانەی دیکەش بژین و بیر بکەنەوە هەر تەنیا خۆیان بەدەست ئەم شەپۆلی ژیانە کاتییەوە نەدەن: "بیر بکەوە ئاخۆ چەندە لەو شتانەی کە تۆ پێتوایە هەمیشەیین، شتی کاتیانە بوون. ئەگەر بتەوێت ئەمانە جارێکی دیکە لە بێکۆتاییدا بدۆزیتەوە چەندە دڵخۆشت دەکەن. ئەگەر جارێکی دیکە درەخت و گوڵ و ئەستێرەکان ببینیتەوە، گوێت لە چریکەی باڵندان و خوڕەی کانیی بێت، چەندە دڵت خۆش دەبێت. بەڵام ئایا دەتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە، کە دەبێت لە بێکۆتاییدا پارەشت هەبێت؟ نەخێر، ئەگەر وا بووایە ئەوە خاکی ئاسمانانیش دەبۆوە بە بیابانی نەهامەتی. کەواتە بە هیچ شێوەیەك ناتوانیت ئەوە بهێنیتە بەرچاوت. هەروەکچۆن بۆ ئەو کەسەش کە پێیوایە پارە شتێکی ڕاستەقینەیە، ناتوانێت بێکۆتایی بهێنێتە پێشچاوی خۆی"[58].

بیرکردنەوە لەوەی ماڵی دنیا (دراو) هەموو شتێکە، وەکئەوەیە بیری خۆمان لەسەر ئەوە ڕابهێنین، کە دراو لەو دنیای دیکەش هەیە و گرنگە. دراو شتێکی ئەمکاتی و ئەمدنیاییە و شتێکی ماددییە، نەك مەعنەوی و ڕۆحی. بۆیە کیەکەگارد دەڵێت ئەمە نییە و خودا لە مەلەکووتی خۆیدا پێویستی بە دراو نییە، چونکە میهرەبانی و بەخشندەیی جێگەی پارە دەگرێتەوە. کەواتە لەبری ئەوەی

[54] د. حسام الالوسی: الزمان فی الفكر الدینی و الفلسفی و فلسفة العلم. المؤسسة العربیة للدراسات و النشر. بیروت، لبنان، 2005، ص: 144.
[55] اگوستین قدیس: شهر خدا. پێشوو، کتاب 3-6.
[56] قدیس اگوستین: اعترافات. 1380، ص: کتاب یازدهم، بخش 13، ص: 365.
[57] Søren Kierkegaard: (SKS: 16, 84), Synspunktet for min Forfatter-Virksomhed. En ligefrem Meddelelse, Rapport til Historien, af S. KIERKEGAARD, 1859.
[58] Søren Kierkegaard: (SKS; 9, 316), Kjerlighedens Gjerninger, Nogle christelige Overveielser i Talers Form. Af S. KIERKEGAARD, Kjøbenhavn, paa Universitetsboghandler C. A. Reitzels Forlag, Trykt i Bianco Lunos Bogtrykkeri 1847.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

مرۆڤ لە پێناوی سامان و دراودا تێبکۆشێت، پێویستە بیر لە سەرمایەیەکی دیکەی نەمریی بکاتەوە، کە میهرەبانیی و ئەڤینە، نەك دراو و سامان.

کاتێك کیەکەگارد (پارە) بە نموونەی قسەکەی دەهێنێتەوە، دەیەوێت ئەوە بیر بخاتەوە؛ کە دراو هێمای نرخێکە لەسەر شتەکان داندراوە، بەڵام هەندێك شت هەن نرخیان دیارە و بەهایان دیار نییە. یان بە ئاسانی نرخیان بۆ دیاری دەکەین، کەچی ناتوانین بەهاکەیان دیاریی بکەین. بێکۆتاییش بەهای هەیە و نرخی نییە، بۆیە هەموو شتانەی لەم جیهانەدا بۆ ئێمە هەن، نرخەکەشیان دیارە و لەم جیهانەدا پێویستمانن، بەڵام هیچکامێك لەمانە بۆ بێبڕانەوەی هەمیشەیی، هیچ گرنگییان نییە.

کیەکەگارد کار و ئیشکردن، سامان و دراو وەکئەوەی لە ژیانی ئەم دنیادا پێویستن ڕەت ناکاتەوە. ئەو بۆ خۆی بە هۆی ئەو سەرمایەیەی باوکی بە میرات بۆی بەجێهێشتبوو دەیتوانی ژیانێکی خۆش بژی. بۆیە ئەوە دروست نییە و کیەکەگاردیش ئەوەندە کورتبین نەبووە تا سامان و ماڵی دنیا ڕەتبکاتەوە. ئەوەی بۆ ئەو گرنگە ئەوەیە، کە سامان و ماڵی دنیا بۆ ئەو دنیا و ڕۆژی دوایی هیچ گرنگییەکیان نییە و پێویستە مرۆڤ لەمە تێبگات. لێرەدا کاریگەریی ئاگۆستین بەسەر کیرکەگاردەوە و کاریگەریی پلاتۆ و پلۆتینیش بەسەر هەردووکیانەوە، بە ڕوونی دیارە.

بەلای کیەکەگارد و ئاگۆستینەوە، گەشەی گیان پەیوەستە بە ڕاستەقینەی ڕەهاوە، کە خودایە. بەڵام ئەگەر ڕاستەقینەی ڕەها بۆ ئاگۆستین خودای مەسیحییەت بێت، بۆ کیەکەگارد مەرج نییە ئەم خودایە خودای ئایینێکی تایبەت بێت. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ باوەڕی بە شتێك هەبێت، جا ئەو شتە هەر چییەك بێت. هەردووکیشیان لەو باوەڕەدان کە جەوهەری ئەم خودایە ئەڤین و ڕووناکاییە.[59]

لەگەڵ ئەوەشدا، هەردووکیان لە مەسەلەی "گوناهی یەکەم"دا لێکتر جیا دەبنەوە: بەلای ئاگۆستینەوە بەدکاری یەك جار و بۆ هەمیشە لە دوای خواردنی میوەی درەختە قەدەخەکەوە، بۆ مرۆڤایەتی هاتە خوارەوە. کەواتە لە دوای ئەم گوناهەی ئادەم و حەواوە، مرۆڤایەتی باری ئەو گوناهەی بۆ هەمیشە بە کۆڵەوەیە و تەنیا بەخشندەیی خودا فریایان دەکەوێت. وەلێ بەلای کیەکەگاردەوە هیچ بارگرانیی و چارەنووسێکی پێشوەختە لە ئارادا نییە. خوداش هەرگیز خۆی لە ژیانی تاکە مرۆڤەوە هەڵناقورتێنێت، چونکە هەموو بەرپرسیاریەتێکی خستۆتە ئەستۆی مرۆڤ خۆی. بۆیە خودای کیەکەگارد خودایەکی سزادەر نییە. خودایەکی ئازادیبەخشە.

کیەکەگارد لەوەش دڵنیایە کە گوزارەی "گوناهی یەکەم"، کە لە مەسیحییەتدا پێی دەگوترێت "گوناهی میراتی" یان "گوناهی بۆماوە"، دەربڕینێکی دژواز و ناکۆکە. چونکە هەر شتێکی میراتیانە و بۆماوەیی شتێکی ناچاریانەیە و نابێت لەسەر مرۆڤ بکرێتە بەرپرسیارێتی. مرۆڤ بە میرات هەندێ نەخۆشی لە پێشینەکانییەوە بۆ دەمێنێتەوە، خۆی لە ئاستیاندا بەرپرسیار نییە. ئەمەش لە کاتێکدا کە بەشی دوایی دەستەواژەکە "گوناە"، شتێکی تەواو ئازادانەیە و بەرپرسیارێتی مرۆڤ خۆیەتی. بەلای کیەکەگاردەوە ئەوە تەنیا ئادەم و حەوا نین، بۆ هەمیشە گوناهێکیان کردووە، بەڵکو هەر جارێك کەسێك بیەوێت گوناهەکە دووبارە بکاتەوە، ئەمە ڕوو دەدات، واتە ئەڤین و خۆشەویستی هەڵنەبژێرێت.[60]

کیەکەگارد بارێکی قورسی مێژوویی و ئایینی لەسەر مرۆڤ هەڵدەگرێت و لە میراتێکی ناچاری و چارەنووسیانە ئازادی دەکات، کە بۆی ماوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەیکاتە بەرپرسیاری هەر هەڵبژاردنێکی خۆی. بۆ ئاگۆستین گوناە شتێکە مرۆڤ لە ڕووی بۆماوەییەوە کردوویەتی چونکە نەوەی باوکە ئادەمە، کەچی بۆ کیەکەگارد گوناە ئەگەرێکە لەبەردەم هەر تاکەکەسێکدا دەتوانێت دووبارەی بکاتەوە، یان خۆی لێ بەدوور بگرێت.

لە ڕووی مەزهەبیشەوە، کیەکەگارد پرۆتستانتی و ئاگۆستین کاتۆلیکی بوو، سەیر لەوەدایە هەرچەندە ئەم دوو ئاراستەیە ناکۆك و دژن، کەچی کیەکەگارد و ئاگۆستین ئەمەیان ڕەتکردووە و ئەویان بۆتە سەرچاوە بۆ ئەمەی دیکەیان و ئەمەش ئاشکرای دەکات، ئێمە لە پێش هەموو شتێکدا لەبەردەم دوو فەیلەسووف و بیرمەندداین، نەك دوو باوەڕداری توندڕەو و ئایدیۆلۆژیی داخراوی دۆگماییدا.

[59] Birgit Bertung: 2013. s: 44-45.

[60] Birgit Bertung: Ibid, s: 48.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئەنجام:**

1. کیەکەگارد بۆ یەکەمجار ڕوانگەی فەلسەفە لە باسکردنی شتی دەرەکییەوە دەگوێزێتەوە بۆ باسکردنی تاکە مرۆڤ. ئەو بوونی مرۆڤی لە ئاستی بیرۆکەدا بۆ گرنگ نەبوو، هێندەی ئەوەی بایەخی بە بوونی تاکە مرۆڤ لێرە و لەم کاتەدا دەدا، کە ئەو مرۆڤە تیایدا دەژی.
2. ئەریستۆتالیس و ئاگۆستین دوو بیرمەندی گرنگی پێش کیەکەگارد بوون. کیەکەگارد لە ڕێگەی گفتوگۆیەوە لەگەڵ ئەریستۆتالیس، بیرۆکەی ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە مرۆڤ بتوانێت بە هۆی زانست و ئەزموون و تاقیگەوە ڕاستەقینە لەسەر بوون بەدەست بهێنێت. خاڵی هەرە جیاوازی نێوانیان ئەوەبوو، کە ئەریستۆ پیی وابوو مرۆڤ بە هۆی زانستەکانەوە لە بوون تێدەگات، بەڵام کیەکەگارد لەو بڕوایەدا بوو زانست تەنیا دەتوانێت لە هەبوو و دیاردەکات تێبگات و لە بوون تێناگات.
3. هەرچی ئاگۆستین و کیەکەگاردبوون لەوەدا ناکۆکییەکەیان دەگەیشتنە لوتکە کەباسی گوناهی یەکەمیان دەکرد، کە بەهۆی هەڵەیەکی ئادەم و حەواوە بۆ مرۆڤ ماوەتەوە. ئاگۆستین لەو باوەڕەدا بوو گوناهی یەکەم گوناهێکی بۆماوەیی و ڕەگەزییە و بۆ مرۆڤ ماوەتەوە. کەچی کیەکەگارد لەو بڕوایەدا بوو، گوناه شتێك نییە بە میران بۆ هەموو مرۆڤایەتی بمێنیتەوە، چونکە مرۆڤ ئازادە لە کردن و نەکردنی گوناە. هەر تاکەکەسێك خودی خۆی بەرپرسیارە لە کردەوەکانی و هیچ میراتێك لە ئارادا نییە بە ناچاری بۆی بمێنیتەوە.
4. لە مەسەلەی بوونی خوداشدا کیەکەگارد و ئاگۆستین لە دەستپێکدا ناتەبا بوون و لە ئامانجدا یەکیان دەگرتەوە. ئاگۆستین دەیویست خودا بەدەروونی بکات و کیەکەگارد دەیگوت خودا ئەوەتا لە دەرووندایە و پێویستە تاکەکەس بۆخۆی بیدۆزێتەوە.
5. هەرسێك ئەم فەیلەسووفانە لە سێ کولتوور و شارستانیەت و ئاراستەی هزری جیاوازوە هاتوون، بەڵام لە بیرۆکەی خودا وەك سەرچاوەی بوون یەکیان دەگرتەوە.
6. ئەم گفتوگۆیەی نێوان ئەم فەیلەسووفانە فێرمان دەکات، کە جیاوازی بیروڕا، ئایین، فەلسەفە و بۆچوون و شارستانییەت و تەنانەت جیاوازیی ڕەنگ و ڕەگەزیش نابێت ببێتە هۆکاری لێکدابڕان و ڕەوایەتیدان بە جۆرەکانی توندڕەوی بەناوی ئایین و ئایدیۆلۆژیا و بیروڕاوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## سەرچاوەکان:

### کتێب

1. ئەحمەد محەمەدپوور: فەلسەفەی میتود. وەرگێرانی: سەعید کاکی، هەولێر: خانەی بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، 2013.
2. باروخ سپینۆزا: ئەخلاق. وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە: شاهۆ عوسمان، سلێمانی: نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، چاپی یەکەم، 2015.
3. محەمەد کەمال: فەلسەفەی ئەفلاتوون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2010.
4. محەمەد کەمال: مێتافیزیکی ئەریستۆ. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم: 2016.
5. ڕێبوار سیوەیلی: قەشە ئاگۆستین، فەلسەفە و باوەڕ. دەزگای زەریاب، هەولێر، کوردستان. 2012.
6. هربرت درایفوس: "گەڕانەوە بۆ کیەکەگارد و ڕەتکردنەوەی ئاپۆراگەرایی"، لە: ڕێبوار سیوەیلی: **مرۆڤ و ئینتەرنێت**، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی و ماڵی وەفایی، هەولێر 2019. ل: 187-220.
7. ینس ستاوبغاند: بیماری و مەرگی فەیلەسووفێك، لەگەڵ کیەکەگارد و مەحوی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی: 2021.
8. أرسطو: مابعد الطبيعة (متافيزيك)، ت: محمد حسن لطفى، تهران: انتشارات طرح نو، چاپ دوم: 1385.
9. حسام الالوسى: الزمان فى الفكر الدينى و الفلسفى و فلسفة العلم. المؤسسة العربية للدراسات و النشر. بيروت، لبنان، 2005.
10. القديس أوغوسطين: المعلم. فى: د. حسن حنفى: نصوص من الفلسفة المسيحية فى عصر الوسيط (أوغوسطين، انسلم، توما الاكوينى)، دار التنوير، بيروت، 2008.
11. الكتاب المقدس، العهد القديم و العهد الجديد. الترجمة العربية المشتركة من اللغات الاصليةو دار الكتاب المقدس فى الشرق الاوسط 1993-1995. (رسالة القديس بولس الرسول الاولى الى كورنثوس 3: 16).
12. اگوستين قديس: شهر خدا. ت: حسين توفيقى، تهران: انتشارات دانشگاه اديان و مذاهب، چ. أول، 1391.
13. تروند برگ اريكسن: تاريخ زمان. ت: اردشير اسفنديارى، تهران: نشر پرسش، 1386.
14. تئودور گمپرتس: متفكران يونانى، جلد سوم، ت: محمد حسن لطفى، تهران: خوارزمى. چاپ اول 1375.
15. قديس اگوستين: اعترافات. ت: سايهء ميثمى. ويراسته: مصطفى ملكيان. تهران: دفتر پژوهش و نشر سوهروردى. چاپ دوم، 1380.
16. استفن ميشلمن: فرهنگ اگزيستانسياليزم. ت: أرسطو ميرايى، كتاب پارسه، 1398.
17. Søren Kierkegaard: (SKS), Afsluttende uvidenskabelig Efterskrift. 1846.
18. Søren Kierkegaard: (SKS), Synspunktet for min Forfatter-Virksomhed.1859.
19. Søren Kierkegaard: (SKS), Journalen NB: 1746.
20. Søren Kierkegaard: (SKS), Journalen AA), *Kjøbenhavn*, den 1ste Juni 1835.
21. Søren Kierkegaard: (SKS,) Journalen, NB20, 73), 1846.
22. Søren Kierkegaard: (SKS) Journalen, NB 76),1846.
23. Søren Kierkegaard: (SKS), Kjerlighedens Gjerninger,1847.
24. Birgit Bertung: Kierkegaard – Kunsten at Kommnikere. København:Forlag1. dk, 2009.
25. Birgite Bertung: Søren Kierkegaards inspirationskilder. Forlag 1. dk. København, 2013.
26. Joakim Garff & Gutke: Min Kære Læser, Søren Kierkegaard i kort form. Aros Forlag, Danmark 2013.
27. Poul Lubcke (Red.): Politikens Filosofi Leksikon. København, Politikens Forlag, 11. oplag 1996, s: 37.
28. Arne Næss: Filosofiens Historie: Fra oldtiden til Kant, 1, Hans Reitzels Forlag, København, 1991.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

گۆڤار و سەرچاوەی ئەلیکترۆنی

29. Maria Pontoppidan: Begreberne om evighed og tid indenfor hedensk og kristen nyplatonisme, med hovedfokus på Plotin som hedenskabets repræsentant. https://www.sdu.dk/en/om_sdu/institutter_centre/skhk/forskning/forskningspublikationer/rescogitans/issues/no4.
30. Marie Mikulovå Thulstrup: Kierkegaard og naturvidenskaben. Pdf. S: 63. Hentet den 23. feb, 2023 Fra: https://tidsskrift.dk/kierkegaardiana/article/view/31449/28910.
31. Hansen, Hans Munk; Kühn-Nielsen, Peter: *Roskilde Domkirke* i *Den Store Danske* på lex.dk. Hentet 23. marts 2023 fra https://denstoredanske.lex.dk/Roskilde_Domkirke.
32. Nikolaj Nottelmann: Om positivisme og objektivisme i samfunds-videnskaberne. DANSK SOCIOLOGI • Nr. 3/28. årg. 2017.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)